# الرواية التاريخية ومراجعة للتاريخ

م. دلْان عثمان عبدالكريم رضا
جامعةالسليمانية/ كلية التربية الاساسية
delanabdulkareem@gmail.com

أ.د. محمد أمين عبدالله
جامعةالسليمانية ه / كلية التربية الاساسية
Mohammed.ameen@univsul.edu.iq

_الكلمات المفتاحية: رواية تاريخية، مراجعة، تاريخ.

**كيفية اقتباس البحث**
رضا، دلْان عثمان عبدالكريم ، محمد أمين عبدالله ، الرواية التاريخية ومراجعة للتاريخ ،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، شباط ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٢ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# The Historical Novel and a Review of History

**Dlan Othman Abdelkarim**
University of sulaymaniyah / Bisic of Education College

**Prof.Dr. Mohammad Ameen Abdula**
University of sulaymaniyah / Bisic of Education College

**Keywords** : Historical novel, Review, History.

**How To Cite This Article**
Abdelkarim, Dlan Othman , Mohammad Ameen Abdula, The Historical Novel and a Review of History,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, February 2026,Volume:16,Issue 2.

CC BY NC ND
**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

History is nothing but its abstract facts of events, a specific historical fact, both related to events and characters. But this abstract history, when it enters into a basic structural fabric, on which the novel is based, takes on a new form; so that it becomes an artistic element in the fabric of the novel, and then submits to the novelist, who interprets it according to his own vision, worldview and psychological state.

Although the novel generally presents a fictional history within the framework of objective history, we can look for a discourse that connects the novel with history by sharing basic elements such as: character, Time, Place, event, etc., and sharing them with the story or narrative. From this perspective, in this study, we worked on Miran Abraham's novel (nishmani Sara) in terms of rooting history in it, and we also highlighted the presentation of the historical novel as a result of the blending of history and literature, and through literature the story of the life of the Jews of Sulaymaniyah and their history was told in the novel. This history is not as it was in reality, but it is as the novelist rewrote that

history and restored it by exploiting historical reality according to his own vision.

**الملخص:**

التاريخ ليس سوى حقائقه المجردة للأحداث، وهي حقيقة تاريخية محددة، سواء تعلقت بالأحداث أو الشخصيات. لكن هذا التاريخ المجرد عندما يدخل في نسيج بنيوي أساسي، يستند إليه الرواية، يأخذ شكلاً جديدًا؛ بحيث يصبح عنصرًا فنيًا في نسيج الرواية، ثم يخضع للروائي، الذي يفسره وفقًا لرؤيته ونظرته الخاصة للعالم وحالته النفسية.

على الرغم من أن الرواية بشكل عام تقدم تاريخًا خياليًا ضمن إطار التاريخ الموضوعي، إلا أننا يمكننا أن نبحث عن خطاب يربط الرواية بالتاريخ من خلال مشاركة العناصر الأساسية مثل: الشخصية، الزمان، المكان، الحدث، وما إلى ذلك، ومشاركتها مع القصة أو السرد. من هذا المنظور، في هذه الدراسة عملنا على رواية (نيشمانى سارا) لميران إبراهام من حيث تأصيل التاريخ فيها، كما سلطنا الضوء على عرض الرواية التاريخية نتيجة امتزاج التاريخ والأدب، ومن خلال الأدب تم سرد قصة حياة يهود السليمانية وتاريخهم في الرواية. هذا التاريخ ليس كما كان في الواقع، بل هو كما أعاد الروائي كتابة ذلك التاريخ واستعادته باستغلال الواقع التاريخي وفقًا لرؤيته الخاصة.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

# ڕۆمانی مێژوویی و پێداچوونەوەیەك بە مێژوودا
# (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە)

م.ی. دڵان عثمان عبدالكريم رضا
delanabdulkareem@gmail.com
پ.د محمد أمين عبدالله
زانكۆی سلێمانی/ كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
Mohammed.ameen@univsul.edu.iq

**پوختە**

مێژوو جگە لە ڕاستییە ئەبستراکتەکانی ڕووداوەکان هیچی تر نییە، کە ڕاستییەکی دیاریکراوی مێژووییە، جا پەیوەندی بە ڕووداوەکانەوە هەبێت یان کارەکتەر، بەڵام ئەم مێژووە ئەبستراکتە کاتێک دەچێتە ناو پێکهاتەیەکی بنەڕەتییەوە، کە ڕۆمانێك پشتی پێدەبەستێت، فۆرمێکی نوێ وەردەگرێت؛ بەجۆرێک کە دەبێتە توخمێکی هونەری لە پێکهاتەی ڕۆماندا، پاشان ملکەچی ڕۆماننووس دەبێت، کە بەپێی تێڕوانین و دنیابینی و باری دەروونیی تایبەتی خۆی لێکیدەداتەوە.

ئەگەرچی ڕۆمان بە گشتی مێژووی خەیاڵی لە چوارچێوەی مێژووی بابەتیدا دەبینێت، بەڵام دەتوانین بەدوای گوتارێکدا بگەڕێین، کە ڕۆمان بە مێژووەوە ببەستێتەوە لە ڕێگەی هاوبەشکردنی توخمە سەرەکییەکانی وەک : کەس، کات، شوێن و ڕووداو و ...هتد و هاوبەشیکردنیان لەگەڵ چیرۆك یاخود گێڕانەوەکاندا، لەم ڕوانگەوە لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی میران ئەبراهام کردووە لە ڕووی مەزراندنی مێژوو تیایدا، هەروەها تیشکمان خستووەتە سەر باسکردنی ڕۆمانی مێژوویی لە دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی مێژوو و ئەدەبدا و لە ڕێگەی ئەدەبەوە چیرۆکی ژیانی جولەکەکانی سلێمانی و مێژووەکەیان لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو، ئەم مێژووەش بەو شێوەیە نییە، کە لە واقیعدا هەبووە، بەڵکو بەو شێوەیە، کە ڕۆماننوس بەسوودوەرگرتن لە واقیعە مێژووییەکە بەپێی تێڕوانینی خۆی جارێکی تر ئەو مێژووەی نوسیوەتەوە و پێداچوونەوەی بۆ کردووە.

**کلیلە وشە :ڕۆمانی مێژوویی ،پێداچوونەوە، مێژوو.**

**پێشەکی:**

ڕۆمانی مێژوویی پڕە لە پێچ و پەنا، چونکە کارەکتەرەکانی ناو مێژوو بوونێکی دیاریکراویان هەیە، یان بە واتایەکی دیکە، پێشوەختە ئامادە دەکرێن، هەروەک چۆن ڕووداوە مێژووییەکان، شوێن، کات و هتد، بەڵام ڕۆماننووس دەبێت لەسەر ڕێگا و میتۆدی نوێ نوێیان بکاتەوە نەک وەک ئەوەی لە مێژوودا هەن بیانگوازێتەوە. ئەمەش وەرگرتنی مێژوو وەک ماددەیەک بۆ ڕۆمان دەکاتە کردەوەیەکی ڕێگەپێدراو، بەڵام ئەم نوێکردنەوەیە وەک کەرەستەیەکی مێژوویی پێویستی بەوەیە جەوهەر و واقیعی مێژوویی وەک خۆی بپارێزێت. ڕۆماننووسیش ڕێگەی پێدراوە بەشێکی ڕووداوە مێژووییەکە بسڕێتەوە یان بۆی زیادبکات، بەڵام لە سنووری پاراستنی جەوهەری ئەو ماددە مێژووییەی، کە لە بەرهەمی ئەدەبیدا دادەڕێژرێتەوە. لەم ڕوانگەوە ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان مرۆڤ لە لایەک و سیستەمی مێژوویی و کولتووری لە لایەکی دیکەوە لایەنێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:**
لەبەر گرنگی چەمکی ڕۆمانی مێژوویی لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا و دیاریکردنی ڕۆڵە مێژووییەکەی لە پێداچوونەوەی مێژوودا لە ناو ئەدەبیاتدا بە تایبەتی ڕۆمانی مێژوویی، هەوڵێکی زانستییە بۆ خستنەڕووی گرنگیی یەکگرتنەوەی ڕۆمان و مێژوو لە ڕۆمانی مێژووییدا و هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی پەیوەندی نێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژووە.
**ئامانجی توێژینەوەکە:**
ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کاریگەریی ڕۆڵی ڕۆمانی مێژوویی لە پێداچوونەوە و شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا بخاتەڕوو، هەروەها دەرخستنی ئەوەی چۆن ئەم ژانرە ئەدەبییە دەتوانێت مێژوو بە شێوەیەکی جیاواز و قووڵتر لە بەڵگەنامە مێژووییەکان بگێڕێتەوە و لێکی بداتەوە.
**گرنگی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ڕۆمانی مێژوویی لە پێداچوونەوەی مێژوودا، کە خودی ئەم پێداچوونەوەیە جێی بایەخ و گرنگیپێدانە، هەروەها گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆمانە مێژووییەکان، کە چۆن پشت بە خەیاڵ دەبەستن و بەڵگەنامە فەرمییەکان لە ڕاستییە مێژووییە ئەبستراکتەکان دادەماڵن، هەروەها لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە پەیوەندییە ئاڵۆز و دیالێکتیکییەکەی نێوان ئەدەب و مێژوو شیدەکاتەوە.
**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی وەسفی شیکاری وەرگیراوە، بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە ڕەوتە زانستیەکانی توێژینەوەکە .
**سنووری توێژینەوەکە:** پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری نوێ بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ڕۆمانی مێژوویی و پێداچوونەوەی مێژوو لە گێڕانەوە و شیکردنەوەی لە ڕۆمانی(نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)دا، کە ڕێگە بە چەندین گێڕانەوە دەدات بۆ تەنها یەك لایەنی مێژوویی.
**بەشەکانی توێژینەوەکە:** پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) خراونەتەڕوو. **بەشی یەکەم** پێکهاتووە لە سێ پار: پاری یەکەم خوێندنەوەیەکە بۆ گێڕانەوەی مێژوو، لە پاری دووەمدا چەمکی ڕۆمانی مێژوویی خراوەتەڕوو، لە پاری سێیەمیشدا باسی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی و بنەمای دروستبوونی ڕۆمانی مێژوویی کراوە. **بەشی دووەمیش** لە دوو پار پێکهاتووە: لە پاری یەکەمدا باسی مەزراندنی مێژوو لە نێو ڕۆمانی مێژووییدا کراوە، لە پاری دووەمدا بنیاتی واقیع و پراکتیزەی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)دا ئەنجامدراوە.

**بەشی یەکەم**

**١-١ گێڕانەوەی مێژوو و ڕۆمان**

ئەوەی لە زانیاری مێژوویی ورد ببێتەوە، لە ناوەڕۆکیدا دارشتنێکی گێڕانەوەیی دەدۆزێتەوە، کە ئاواتی دووبارە دارشتنەوەی جیهانی مرۆڤی ڕابردوو دەخوازێت. هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان و گەشەسەندنە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان، کە بەرۆکی گەلێکی دیاریکراو دەگرن بۆ بیرهێنانەوەی ڕابردوو و دەرهێنانی وانە و بەسەرهاتە لێی. سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕواڵەتدا لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا جیاوازی بەدیدەکرێت، ئەوەش بەهۆی جیاوازی ڕەهەندی ئۆنتۆلۆژی (ontology) و جیاوازی بوارەکانی کارکردنیانەوەیە، پەیوەندییەکی شاراوە هەیە، کە پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوانیاندا دەچنێت، چونکە ئەوان پەیوەندییان پێکەوە هەیە و لە چەندین

ئاستی ئیپیستیمۆلۆژیدا یەکدەگرنەوە. ئەم پەیوەندییە تەنها لە سروشتی بنەمای بنیاتنانی گوتارەکەیاندا بەدی نایەت، کە بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوگەلێک لە کات و شوێندا، کە بەسەر هاوبەشی یان ناکۆکییاندا هاتووە، یان لەوەی کە بابەتی هاوبەشیان ڕابردووە جگە لە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، بەڵکو لەو باڵادەستییانەدایە، کە کۆنترۆڵی شێوەدان بە جۆرە بچووکەکانی نووسینە مێژوویی و ڕۆماننووسییەکان دەکەن. لێرەدا پێکهاتە دەروونییەکان، کە کۆنترۆڵی دەرخستنی پرۆسەکانیان دەکەن، نزیکەی هەمان شتن (لالاند،2001، 558) و لێرەدا پەیوەندی نێوان مێژوو و پێکهاتەکانی گێڕانەوە پتەو دەبێت، بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بە ڕەهەندی مێژوویی یان ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆمانی مێژوویی یان خەیاڵی مێژوویی لێی بەرهەم بێت.

دیارە خاڵی دەستپێکی بیرکردنەوەی مێژوونووسان لە پراکتیکی توێژینەوەکانیان لەسەر سنوورەکانی لێکدانەوە لە مێژوودا چڕ دەبێتەوە. لێرەدا لێکدانەوە وەک( پۆل ڕیکۆر )دەڵێت گواستنەوەیە لە تێگەیشتنی پۆزەتیڤی ڕووداوەکانەوە بۆ لێکدانەوەیان، واتە گواستنەوەیە لە ئەنالستەکانەوە (حولیات - annals) بۆ مێژووی زانستی. (Ricoeur,1975,p5)، تیۆرییەکانیش جیاوازن، لە "مۆدێلی (هامبلەوە )دەست پێدەکات، کە ویستی لە توێژینەوەی مێژووییدا چەمکی یاسا و پێشبینیکردن جێبەجێ بکات، بەپێی ئەوەی لە زانستە سروشتییەکاندا ڕوودەدات، کە تێیدا هەموو ڕووداوێکی ڕابردوو ڕووداوەکانی دواتر ڕوون دەکاتەوە و دووبارەبوونەوەی ڕێکخراو لە بازنەی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت (رشید،1985، 154). ئەم میتۆدە گرنگی بە ڕۆڵ و ئەرکی گێڕانەوە لە مێژوودا نادات، ئەم واتا بنەڕەتییەی گێڕانەوە کە مێژوو لە زانستە سروشتییەکان جیا دەکاتەوە و ون دەبێت.

لە ڕەخنەگرتنی ئەم چەمکەدا، تیۆرییە گێڕانەوەییەکان دەرکەوتن، لە "ڕستە گێڕانەوەییەکان"ی (ئارتور دانتۆ)ە تا وتاری گێڕانەوەیی (جالی) و پێکهاتەی ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییە لە زانستی مێژووی نوێدا لە نێوان history و story واتە لە نێوان مێژوو و چیرۆکدا دەبینێت (Ricoeur,1975,8,9). بەم شێوەیە مێژوو لەم دیدگایەوە دەگۆڕێت بۆ گێڕانەوەی کردارەکانی کەسایەتییەکان بۆ ڕووداوگەلێک، کە تووشیان دەکات یان گۆڕانکارییەک کە ئەنجامی دەدەن.

لێرەدا نیشانەیەکی هاوبەش لە نێوان گێڕانەوەی مێژوویی و چیرۆکی ئەدەبیدا بەدیدەکرێت؛ کە لە گێڕانەوەدا پێویست بە گێڕەرەوە دەکات، بەڵام کێ لە هەر شوێنێک و هەر کاتێکەوە لە خزمەتی هەر بەرژەوەندییەک یان هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا مێژوو دەگێڕێتەوە؟ لە هەر پەیوەندییەکی هێز یان دەسەڵاتەوە؟

میشێل دی سێرتۆ لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی نووسینی مێژوو دەڵێت، کە تێگەیشتن لە مێژوو گریمانەی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان شوێن (ئەرک، ژینگەی پیشە و ... هتد) و ئامرازەکانی شیکردنەوە (بواری توێژینەوە و بنیاتنانی دەق (ئەدەب)) دەکات. ئەوەی ئەم بیرمەندە نایڵێت و شاعیری فەرەنسی (ئاراگۆن) وتی، مێژوو زۆربەی کات لە دیدگای سەرکەوتووەکانەوە دەنووسرێتەوە، بەڵام ئەدەب لە هەندێک لە دەقەکانیدا باس لە دۆڕاوەکان دەکات. ( de certeau,1975,79) بەو واتایەی تاوەکو تیۆرییە گێڕانەوەییەکان لەنێو مێژوودا دەرنەکەوتن، بەو ئاشکراییە پەیوەندی نێوان مێژوو و ڕۆمان بەدیارنەکەوت.

سەیرکردنی مێژوو و ڕۆمان لە ڕێگەی ئەو ڕەهەندە گێڕانەوەیەی یەکیاندەخات، شایەنی ئەوەیە هانمان بدات، کە جیاوازیش بکەین لە نێوان گێڕانەوەی ئەدەبی بە گشتی و خەیاڵی گێڕانەوە بەتایبەتی، گێڕانەوەی مێژوویی لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە پاڵنەرمان بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە ئەگەرییەکانی نێوانیان، یاخود بۆچی مێژوو دەنووسینەوە؟ بۆچی ڕۆماننووس ماددەی خۆی لێ وەردەگرێت؟ بێگومان مێژوو لە پێناو ئەوە دەنووسرێتەوە و دۆکیۆمێنت دەکرێت

تاوەکو زمان و کەلتوور و ناسنامە لەنێو خۆیدا بپارێزێت و لە پێناو ون نەبوون و زانینی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی نەتەوە و میللەتێکە ؛ هەر ئەمەشە وا دەکات ڕۆمانووس ماددەی خۆی لێوەربگرێت، چونکە دەبێتە یەکێك لە هەرە کاریگەرترین سەرچاوەکان بۆ ڕۆماننووس، تاوەکو دۆزێك بوروژێنێت و وەك ئاراستەیەك پیایدا تێدەپەڕێت لەگەڵ ئاوێتەبوونی ئایدۆلۆژیا و بیر و مەبەست و چێژی ئەدەبی. هەروەها (یقطین 2020، 151) لە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەدا، کە پەیوەندییان بە بوونی هەریەکەیانەوە هەیە، پێی وایە پێویستە دیدگایەکی گێڕانەوەیی وردبینیمان هەبێت بۆ بابەتی مێژوویی، کە مێژوونووس و ڕۆماننووس مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەگەرنا هەموو شتێک دەبێتە مێژوو و هەموو داهێنانێکیش دەبێتە ڕۆمان؟ چونکە ئەو ماددە مێژووییەی هەواڵدەر پێشکەشی دەکات، ئەو ماددەیە نییە، کە مێژوونووس یان فەیلەسوفی مێژوو پێشکەشی دەکات، دەتوانرێت هەمان شت دەربارەی ڕۆماننووسیش بوترێت، چونکە ئەو ڕۆماننووسەی ڕۆمانێک لەسەر ماددەیەکی مێژوویی ئامادەکراو بنیات دەنێت، تەنها لەبەرئەوەی پێویستی بە ماددەیەکی چیرۆکی هەیە، ئەو ڕۆماننووسە نییە، کە گرنگی بە ماددەکە نادات، بەڵکو گرنگی بە پێشکەشکردنی دیدگایەکی تایبەت دەربارەی مرۆڤ دەدات بەبێ گوێدانە کات.

ئەوەی جێی بایەخ و سەرنجە ئەوەیە زۆر گوتاری شاراوە و نەدرکاو هەیە، کە لەنێو مێژوودا نادیار و ونە، یاخود بە مەبەست شاردراونەتەوە، ڕۆمانی مێژوویش وەك سەربازێکی ون ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە ئاشکراکردنی گرنگەکان و لەیادکراوەکان و پەراوێزخراوەکان.

## 2-1 چەمکی ڕۆمانی مێژوویی

ڕۆمانی مێژوویی ژانرێکی گێڕانەوەییە، کە هەستی خەیاڵی گێڕانەوە لە لایەک و زانیاری مێژوویی لە لایەکی ترەوە کۆدەکاتەوە، وەرگر دەباتەوە ڕابردوو بۆ گەڕان بەدوای ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکاندا لە ڕێگەی خەیاڵی هونەرییەوە. لەسەر ئەوەش ڕۆمانی مێژوویی ئامرازێکی بەهێزە بۆ گواستنەوەی زانیاری مێژوویی بە شێوازێکی نوێ، هەروەها تێگەیشتنمان لەو کەلتوور و ڕووداوانە بەهێزتر دەکات، کە بەشدار بوون لە دارشتنی جیهانی ئێستاماندا. ئەمەش وادەکات تێگەیشتن لە ڕۆمانی مێژوویی، چۆنیەتی دەرکەوتنی و گرنگییەکەی لە کۆمەڵگەدا دیاری بکات.

دیارە جۆرج لوکاش (Georg Lukacs) ڕۆمانی مێژوویی بە (ڕۆمانی مێژووی ڕاستەقینە) پێناسە دەکات، واتە ڕۆمانێک کە ئێستا دەورووژێنێت و هاوچەرخەکان وەک مێژووی پێشووی خودی خۆیان ئەزموونی دەکەن" (لوکاش،1986، 89))، هەربۆیە کارێکی گێڕانەوەیی هونەرییە، کە مێژوو وەک ماددە بۆ خۆی وەردەگرێت، نەک تەنها بۆ دووبارەکردنەوەی ڕابردوو، بەڵکو بۆ وروژاندنی ئێستا لە ڕابردووەوە، کە گێڕانەوە خەسڵەتە گشتی و تایبەتەکانی پێدەبەخشێت، بۆ ئەوەی دەقی مێژوویی خەسڵەتی جوانیناسی بەدەست بهێنێت، کە خوێنەر بەرەو ئەم ڕابردووە ڕادەکێشێت بە شێوازێکی هونەری و ورووژێنەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی خەیاڵەوە.

حەمە مەنتک لەم بوارەوە دیاریدەکات کە : ڕۆمانی مێژوویی یەك لە جۆرە باوەکانی ڕۆمانە، بە درێژایی مێژووی ڕۆمان بەر پێناسەی جودا بۆ ئەم جۆرەی ڕۆمان دەکەوین، دەکرێت بیانکەین بەدوو دەستە: دەستەی یەکەم پێناسەیەکی باو و لاساییان بۆ ئەم جۆرەی ڕۆمان هەیە، ئەمانە پێداگری دەکەن لەسەر گواستنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان کتومت وەك خۆی، بەبێ ئەوەی دەسکاری بکرێن. دەستەی دووەم پێناسەیەکی نوێیان بۆ ڕۆمانی مێژوویی هەیە، بەبڕوای ئەمانە دەکرێ ڕۆمان وەکو کەرەسەی خاو سوود لەمێژوو وەرگرێت نەك گواستنەوەی، یان سەرلەنوێ دارشتنەوەی، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕۆمانەکە (مەنتك،2021، 288).

ڕۆمانی مێژوویی لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "گێڕانەوەیەکی چیرۆکییە لە دەوری ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەسوڕێتەوە، کە بەڕاستی ڕوویانداوە، لە هەوڵێکدا بۆ ژیاندنەوەی سەردەمێکی مێژوویی بە کەسایەتی ڕاستەقینە یان خەیاڵی یان هەردووکیان پێکەوە."(عبیدی، 2024 ). لەڕێگەی ئەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕۆمانی مێژوویی مێژوویەکی خەیاڵی تایبەتە لەناو مێژووی بابەتیدا. ئەم مێژووە خەیاڵییە لەوانەیە مێژوویەکی بەشەکی یان هەمەکی بێت، تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی بێت، لەوانەیە مێژووی کەسێک یان ڕووداوێک یان هەڵوێستێک یان ئەزموونێک بێت، یان مێژووی گرووپێک، یان ساتێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هتد...، سەرەڕای جیاوازی لە سروشتی پێکهاتەیی کاتیدا لەنێوان خەیاڵی و بابەتیی ناخەیاڵیدا" (العالم ،1994، 13-14).

دیارە زۆرێک لە نووسەران هەوڵیانداوە چەمکی ڕۆمانی مێژوویی پێناسە بکەن، لەوانە: محەمەد قازی پێناسەی دەکات بە خەیاڵێک، کە لە دەوری ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان هەڵچنراوە. هەروەها سەعید یەقتین باوەڕی وایە کارێکی گێڕانەوەییە، ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی سەردەمێکی ڕابردووە بە شێوازێکی خەیاڵی، کە تێیدا کەسایەتییە مێژووییەکان لەگەڵ کەسایەتییە خەیاڵییەکان تێکەڵ دەبن. جۆرج لوکاشیش پێی وایە ڕۆمانێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە، واتە ڕۆمانێک کە ئێستا دەوروژێنێت و هاوچەرخەکان وەک مێژووی پێشووی خۆیان دەژین."( بن طيب و عبدالرحيم 2022، 657 )

لەسەر ئەم بنەمایە، ڕۆمانی مێژوویی شێوازێکی گێڕانەوەیە، کە هونەر و مێژوو کۆدەکاتەوە، ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان دەبنە بنەمای بنیاتی هونەری گێڕانەوە، کە ئامانجی پێشکەشکردنی زانیارییەکی مێژوویی پەتی نییە، بەڵکو ئاواتەخوازە چوارچێوەی مێژوویی لە ڕوانگەیەکی خەیاڵیی جوانیناسانەوە بگوازێتەوە. هەروەها ئەم جۆرەی ڕۆمان هەڵگری مێژووە و لە واقیع دانابڕێت، بەڵکو ئێستا ڕۆشندەکاتەوە لە ڕێگەی ڕووداوگەلێکەوە، کە لە ڕووی کاتەوە لە چوارچێوەی هاوچەرخی ئێمەوە دوورن.

**3-1 سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی و بنەمای درووستبوونی ڕۆمانی مێژوویی نوێ**

خودی ڕۆمان وەك ژانرێكی ئەدەبیی نوێ لە ئەدەبی ئەورووپیدا پەیدابووە، ئەم ژانرە یەکێکە لە نوێترین و ئاشناترینی ژانرە ئەدەبییەکان، کە بەشێوەیەکی خێرا گەشەی کردووە. لەم سەردەمەدا ڕۆمان توانیویەتی پێشبڕکێی شیعر بکات، کە لە قۆناغە مێژووییە دوورودرێژەکاندا لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا زاڵ بووە. (عەباس، 2019، 43)، ڕۆمانی مێژوویی دەکرێت لە بوارێکی تری جگە لە ڕۆمان سەرهەڵبدات، یان لە بوارێکی تر جگە لەو بوارەی تێیدا گەشەی کردووە بڕوێت؟ ڕەنگە مێژوو لەگەڵ گێڕانەوەدا لە هەندێ کاردا تێکەڵ بێت، کە لە شێوەی (ژیاننامە، داستان یان ئەفسانە)دا دەربکەوێت، بەڵام ئەوە پاساو نییە بۆ ئەوەی کارە چیرۆکییە کۆنەکان، کە پشتیان بە مێژوو بەستووە، بە ڕەگی ڕۆمانی مێژوویی دابنرێن. حەزی گێڕانەوەی ڕابردووی بەڵگەدار حەزێکە لە ئەزەلەوە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەبووە و حەزی گێڕانەوەی ڕابردوویەکی گریمانەیی، کە ناوی لێنراوە ڕۆمانی ئەدەبی، بەسەریدا هاتووە. ڕاستییەکە ئەوەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین هەندێک کاری گێڕانەوەی کەلتووری وەک (ژیاننامە میللییەکان و مەقامەکان و هتد...) بە خاڵی دەستپێکی ڕۆمانی مێژوویی ناوببەین. ڕۆمانی مێژوویی ژانرێکە دوای ڕۆمانی ئەدەبی دێت و پاشکۆی ئەوە؛ چونکە سوود لە پێدراوەکان و پەرەسەندنەکانی وەردەگرێت بە شێوازێکی دیکە (الشمالي، 2006، 118-119).

(بو جومعە بوحفص) ڕای وایە ڕۆمانی مێژوویی نوێ زۆربەی کات دەدرێتە پاڵ نووسەری ئەمریکی ستیڤن کرەین (Stephen Crane)، کە خاوەنی ڕۆمانی (نیشانەی سووری

ئازایەتی)یە (جمعة، 2000، 46)، کەچی لەلای ئیبراهیم سەعافین و هەندێک لە رەخنەگرانی رۆژئاوایی دەرکەوتنی بە شێوە تەواوەکەی لەسەر دەستی نووسەرانی وەک والتەر سکۆت (Walter Scott) (١٧٧١-١٨٣٢) بووە لە رۆمانەکەیدا ویڤەرلی (Waverley) لە ساڵی ١٨١٤ (السعافين،1980، 200). بەڵام ئەمە لەلایەن نووسەرانی ترەوە رەتدەکرێتەوە، چونکە پێیان وایە رۆمانی مێژوویی رۆژئاوایی لەسەر دەستی نووسەری رووسی "لیۆ تۆلستۆی" (Leo Tolstoy) (١٨٢٨-١٩١٠) دەستی پێکردووە و جیهان پێش نووسینی رۆمانە بەناوبانگەکەی "جەنگ و ئاشتی" (War and Peace) (١٨٦٥-١٨٦٩) نەیانناسیووە. ئەم رۆمانە هات بۆ ئەوەی زانیارییەکی بەرفراوان دەربخات، کە رۆماننووسەکە هەیبوو دەربارەی مێژووی ئەو دوو بنەماڵەیەی لە رۆمانەکە باسکراون، هەروەها دەربارەی داگیرکاریی ناپلیۆن بۆ رووسیا و دەربارەی ئەو ئەزموون و هێزی خەیاڵەی، کە هەیبوو و بەهۆی ئەوەوە توانی رۆمانێکی هونەریی مێژوویی مەزن بەرهەم بهێنێت (بن دحمان،٢٠١٣، ١٩ ).

بەڵام جۆرج لوکاش سەرەتای دەرکەوتنی رۆمانی مێژوویی بە دوو سەدە پێش سەدەی نۆزدەهەم دیاری کردووە، کە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم. بەپێی لوکاش دەکرێت ئەفسانەکان بە پێشەنگ بۆ رۆمانی مێژوویی دابنرێن، ئەمانەش دەگەرێنەوە بۆ رابردوویەکی دوورتر، کە دەگەرێتەوە بۆ چین و هیندستان، بەڵام والتەر سکۆت ئەو کەسە بوو، کە شانازییەکەی پێ برا و لەم بوارەدا پێشەنگ بوو، چونکە توانی لە رێگەی رۆمانە مێژووییەکانیەوە سەردەمە دیارەکانی مێژووی میللی سکۆتلەندی ئاشکرا بکات (الشريم،2015، 34). واتە سکۆت بە پێشەنگی بواری رۆمانی مێژوویی دادەنرێت، چونکە توانیویەتی بگەرێتەوە بۆ مێژووی کۆن و بیکاتە ماددەی رۆمانە مێژووییەکانی. بەمەش بەشداریی کرد لە ناساندنی هەندێک لە رووداوەکانی مێژووی گەلی سکۆتلەندا.

جەنگی جیهانی یەکەم و لێکەوتەکانی نوێبوونەوە لەرۆماندا بەتایبەت لە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر دەستی زۆرێک لە نووسەرانی رۆماننووس، وەک ئاندری ژید، و مارسێل پرۆست، و کافکا...هتد ،هەروەها لێککەوتە خراپەکانی جەنگی جیهانی دووەم بەسەر مرۆڤایەتیدا، هیچ رێگەیەک نەبوو لەبەردەم ئەو کارەساتانەی مرۆڤایەتی پیایدا تێپەریبوو، جگە لە بیرکردنەوە لە شێوازێکی نوێی نووسین؛ بۆیە بیرکردنەوەی فەلسەفی بە دەرکەوتنی بوونگەرایی گۆرا، بیرکردنەوەی رەخنەییش بە دەرکەوتنی بنیاتگەرایی گۆرا و شێوازی رۆماننووسینیش بە دەرکەوتنی نیشانەکانی، شێوازێکی نوێی بە نوسینی رۆمان بەخشی؛ ئەوەش لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی کۆمەڵێک نووسەری فەرەنسی بەتایبەتی (ئالان رۆب گریی، و ناتالی سارۆت و کلۆد سیمۆن، و میشێل بیتۆر)دا بوو و لێرەوە رۆمانی مێژووی نوێ سەری هەڵدا.

(ضرغام،2020) رای وایە "نووسەرانی رۆمانی مێژوویی نوێ لە چوارچێوەی ئاراستەیەکی جیاوازدا کاردەکەن، کە پەیوەستە بە گێرانەوەی جیاواز بۆ ئەو راستییانەی کۆکن لەسەری، بە مەبەستی ئەوەی هۆشیارییەکی جیاواز لە مامەڵەکردن لەگەڵ رابردوودا نیشان بدەن، کە پەیوەستە بە پێداچوونەوە و لێپرسینەوە لەو مێژووە جێگیرەی دەیناسین. پاشان لە کاتی باسکردنی رۆمانی مێژوویی نوێدا دەڵێت: "رۆمانی مێژوویی ئاوێنەی راستی و دووبارە بنیادنانەوەشی نییە و ئەم کارە ناکات. بەڵکو گوتاری تر پێشکەش دەکات، کە لە رێگەیانەوە دەتوانین وێنەی تری ئەم راستییە بنیاد بنێین." (ضرغام،2020)، کەواتە چیتر یەک گوتارمان بۆ راستی نییە، بەڵکو چەندین گوتاری جیاوازمان هەیە. هەر بۆیە دەبینین زۆرێک لە توێژەران بەشێوەیەکی جیاواز سەیری رۆمانی مێژوویی نوێ دەکەن، چونکە مێژوو وەک راستییەکی مێژوویی باڵا تۆمار

ناکات، بەڵکو دەیخاتە ژێر پێداچوونەوە و پشکنینەوە، بەپێی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە کە دەسەڵات و هەژموونی لادەدات. بەپێی ئەوەش، شێوازی مێژوویی ڕۆمانی مێژوویی پەرەدەسێنێت بۆ چەندین شێوازی جیاواز، کە مەرج نییە شێوازە کلاسیکییەکەی بسڕنەوە، بەڵکو گۆڕانکاری لە نەریتە دامەزرێنەرەکانیدا دەکەن.

کەواتە ڕۆمانی مێژوویی کارێکی گێڕانەوەی هونەرییە بە مەبەستی ئەوە نەنووسراوە، کە تەنها ببێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی، بەڵکو لەوانەیە ببێتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە مێژووییەکان وەک چوارچێوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستەمی بەها ئەخلاقی و شارستانییەکان و ژیانی تاکەکان و پەیوەندییان لەگەڵ ئەوانەی کاروباریان بەڕێوەدەبەن لە قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵگەدا، کە لەوانەیە تۆمارێکی ئاسایی مێژوویی فەرمی بە مەبەست یان بێ مەبەست پەراوێزی خستبێت. ڕۆماننووس دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە تۆمارە وەک سەرچاوەیەکی بەڵگەنامەیی بۆ بەراوردکردن و هەڵبژاردن، هەتا ئەو کاتەی ئەم مێژووە، کە "بریتییە لە ژیاننامەی تاک و گەل و کۆمەڵگەکان بە هەموو ئەزموون و دەستکەوت و شکستەکانیانەوە، کە تێیدا باش و خراپ، دۆست و دوژمن، زانا و نەزان، زاهید و بەدڕەوشت، حاکم و مەحکوم، حەکیم و شێت، ئەمین و خائین لە پیاوان و ژنان، پیر و منداڵ و هتد هەن. ڕۆماننووس دێتە سەر ئەم میراتە هەمەچەشنە و سوود لە هەموو وردەکارییە دیار و شاراوەکانی وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە و پاشان بەپێی دیدێکی نوێ و تایبەت بە خۆی دایبڕێژێتەوە، کە لەگەڵ مەرجەکانی کارە هونەرییەکەیدا بگونجێت.(سلیمان، 2003، 142)

**بەشی دووەم**

**1-2 مەزراندنی مێژوو لەنێو ڕۆمانی مێژووییدا**

مەزراندنی مێژوو لایەنێکی گرنگە لە ڕۆمانی مێژووییدا، ئەمەش بەهۆی تێپەڕاندنی تێڕوانینی کلاسیکییە بۆ ڕۆمان. ئەوەی بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنی ئەو ڕۆمانانە بکات، کە بابەتی مێژوویی وەک تەوەری خۆی وەردەگرێت، تێبینی ئەو جیاوازییە دەکات لەگەڵ ئەو ڕۆمانانەی، کە مێژوو بەکاردەهێنن بە مەبەستی زیندووکردنەوە و فێرکردن، یان ڕاستکردنەوەی هەندێک بڕیاری هەڵە و چەواشە، یان لابردنی تەمومژ و ناڕوونی لەسەر کەسایەتییە مێژووییەکان و بۆی دەردەکەوێت بە تەواوی ڕۆمانێکی مێژوویی نیین. ڕۆمانی مێژوویی ئەوەیە، کە مێژوو وەک ماددەی خۆی وەردەگرێت بەبێ ئاماژەکردن بە شتێکی دیاریکراو و تەنها پشت بە گێڕانەوەی ڕاستگۆیانەی ڕووداوەکانی ڕابردوو دەبەستێت.

ئەگەرچی هەموو ڕۆماننووسان ڕێز لە دەقی مێژوویی دەگرن و هەوڵدەدەن ڕۆمانەکانیان بە سەرچاوە و ژێدەرە مێژووییەکان بەهێز بکەن، بەڵام لە ڕووی کرداریەوە بەکارهێنانی مێژوویان لە کارە هونەرییەکانیاندا پەسەند کردووە. بۆیە وێستگە و پارچەگەلێک لە مێژوو هەڵدەبژێرن و لە کارێکی هونەریدا کۆیان دەکەنەوە بۆ سەلماندنی ڕاستییان و بەڵگەدارکردنیان. "ئەم ڕۆماننووسانە لە ڕووی تیۆرییەوە لەسەر بابەتی مێژوویی جیاوازییان هەبووە و هەوڵیانداوە بەپێی جیاوازیی نێوانیان لە سەرچاوە و ژێدەرەکاندا، بەڵگەداری بکەن، بەڵام جیاوازییەکە لە پەرۆشییان بۆ مێژوو و کاریگەربوونی سۆزدارییان بە ڕووداو و کەسایەتی و لایەنی شارستانیی بە گشتی دەردەکەوێت. ئەمەش وای لێکردوون، سەرەڕای جیاوازیی هەڵوێستی فیکری یان سۆزدارییان بەرامبەر بە مێژوو، پەنا بۆ دروستکردنی چیرۆکێکی خەیاڵی یان نیمچە ئەفسانەیی ببەن تا ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی لەسەر بەڕێوەببەن (السعافين، 1996، 65)، واتە ڕۆماننووس کاتێک مێژوو بەکاردەهێنێت، پەنا بۆ داهێنانی کەسایەتیی خەیاڵیش دەبات، چونکە یارمەتیدەرن لە جوڵاندنی ڕووداوەکان و دەبنە گوزارشتێک بۆ دیدگا و هەڵوێستی نووسەر، بەم شێوەیە دوو توخمی خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەکات. کەسایەتییە

خەیاڵییەکەش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە جوڵاندنی ئەو ڕووداوانەدا، بە پێچەوانەی ڕۆمانی مێژووییەوە، کە زیاتر لە واقیعیەتەوە نزیکە. ڕۆمانی مێژوویی سەرەڕای بەکارهێنانی کەسایەتییە خەیاڵییەکان، بەڵام زاڵە بەسەریاندا و وایان لێدەکات نەتوانن کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکەن و ئاڕاستەیان بکەن، واتە زیاتر پەنا بۆ دروستکردنی واقیعەکە دەبات.
دەکرێت بڵێین مێژوونووس هەوڵدەدات دەست بداتە ڕاستییەکان، لە کاتێکدا هەوڵی ڕۆماننووس بریتییە لە دەستدانە جوانی و کاریگەری دانان لەسەر وەرگر بە بەکارهێنانی شێوازی وروووژێنەر. هەریەکەشیان هەوڵدەدەن ڕاستی پێشکەش بکەن، بەڵام مێژوونووس لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە دەیخاتەڕوو و تیایدا هەوڵدەدات ئەو ڕاستیانە بخاتەڕوو، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، لە کاتێکدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی وێناکردنەوە دەیانخاتە ڕوو (العالم،1993، 13)، واتە داڕشتنیان بە وێناکردنیان بەو شێوەیەی دەیبینێت و زیادکردنی ڕووپۆشێکی جوانیناسیی هونەری بۆیان. بەم پێیە، مێژوونووس ناتوانێت باش بێت لە گێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان وەک ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، لە کاتێکدا نووسەر ئازادیی گێڕانەوەی ئەوەی هەیە، کە دەکرێت و ئەگەری ڕوودانەکان چیین، ئەمەش تا ڕادەیەک قورسترە، بەڵام مەودای بەرفراوانترە.
بەو پێیەی هەر ڕۆمانێکی مێژوویی لە دروستکردنیدا پشت بە دوو سەرچاوە دەبەستێت، یەکەمیان: سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە، کە پەیوەستە بە ڕووداوە مێژووییەکە (چیرۆکەکە) و دووەمیان: سەرچاوەیەکی خەیاڵی (ڕۆمانئامێز)، کە پەیوەستە بە ڕووداوی ڕۆمانەکە، سەرچاوەی یەکەم سەرچاوەیەکی سوودبەخشە و سەرچاوەی دووەم سەرچاوەیەکی جوانیناسانەیە. (الحجمری، 1997، 63) بۆیە ڕۆمانی مێژوویی دەکەوێتە بەردەم دوو بەربەست ؛ یەکێکیان ئەمانەتی مێژووییە، کە وا پێویست دەکات ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکان لەسەری کۆکن لەبارەی دروستبوونی دەوڵەتان و ڕووخانیان و هەڵگیرسانی جەنگەکان و ڕووداوە ناسراوەکان لانەدات. ئەوی دیکەشیان پێداویستییەکانی هونەری ڕۆمانە." (القاضي،2008، 113) بە ڕەهەندە بێسنوورەکانیەوە. بێگومان زاڵکردنی سەرچاوەیەک بەسەر ئەوی دیکەدا پێکهاتەی ئەم ژانرە دەگۆڕێت و دەیکات بە شتێکی دیکە.
لە ڕۆمانی مێژووییدا وریایی تەواو بۆ ڕەهەندی هزری لە ڕۆماندا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەدای هونەری هەیە؛ بەوەی ڕۆماننووس نەکەوێتە داوی مێژووەوە و بەدوای ئەوەی مێژوویییە بکەوێت، هەندێکجار لە هەندێک دیمەنی کاری ڕۆمانەکەیدا ببێتە مێژوونووس و کارەکەی زیاتر بکاتە گێڕانەوەیەکی بەڵگەنامەیی وەک لەوەی ڕۆمانئامێز بێت. لە بەرامبەریشدا ئەگەر ڕۆماننووس نوقمی ڕازاندنەوەی هونەری و بە فەلسەفیکردنی پرسە مێژووییەکان بێت و لێیان دوور بکەوێتەوە بۆ ڕووداوی گریمانەیی، کە لە خەیاڵی بەپێزی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن و بەتامەزرۆییەوە شیکاریی ئەوەی ڕوویداوە و ئەوەی دەبوو ڕووبدات بکات، ئەوا بە تەواوی لە بازنەی ڕۆمانی مێژوویی دەردەچێت و چیتر گوتارە رۆمانووسییە بەڵگەدارەکەی هاوتای گوتارە ڕۆمانووسییە داهێنراوەکەی نابێت.
ئەو ڕۆماننووسانەی لە کارەکانیاندا مێژوویان مەزراندووە، هەوڵدەدەن ئاڕاستەیەکی مرۆیی نوێ دابمەزرێنن، کە گرەوەکەی بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نادیارانەی (بوون) لەخۆیان دەگرن و هەوڵدانە بۆ پێدانی مانا (الخضراوی،2017، 59). لەم ڕێگەیەوە ئامانجی سەرەکیی نووسەران لە مەزراندنی مێژوو لە ڕۆمانەکانیاندا و ئامادەکردنی بە شێوازێک بۆ نوێنەرایەتیکردن و تێگەیشتن لە واقیع ڕوون دەبێتەوە. لەم ڕووانگەوە ڕەخنەگری فەرەنسی پییەر باربێریس (P .Barberis) لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەناونیشانی (دەقی ئەدەبی و مێژوو)،

پێشنیاری بوونی سێ واتا دەکات، کە هەمان واتایان هەیە و چەمکێکی فراوان بۆ زاراوەی مێژوو دیاری دەکەن، ئەوانیش:

-مێژوو وەک واقیع و ڕێڕەو، پرۆسەیەکی بابەتیانە بۆ ئەو ڕووداوانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن.

-مێژوو وەک گوتارێکی مەعریفی، کە دەکرێت لێی بکۆڵرێتەوە و تێیدا ڕەهەندە زانستی و چەمکییەکان دەردەکەون.

-مێژوو وەک حیکایەت یان چیرۆک یان وتە یان مێژوو یان گێرانەوەیەکی ئەدەبی، ئەم کارە وێنەیە پەیوەستە بە ماددەی دارشتنی ئەدەبی، کە ڕەهەندی مێژوویی خۆی هەیە بەهۆی بوونی لە چوارچێوەیەکی کاتیدا.

لەم چوارچێوەیەدا هیگڵی فەیلەسوف لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا (وانەکان لە فەلسەفەی مێژوودا) دان بە پەیوەندییەکی کاتی و تێرامانیانەدا دەنێت لەگەڵ ڕووداودا، کە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە مرۆڤ و پەرەسەندنی شارستانییەتەوە. وا دیارە هیگڵ تەنها بە کۆمەڵێک تێبینیی گشتی دەربارەی مێژوو (مێژووی گشتی یان مێژووی گشتگیر) وەستاوە، بەجۆرێک دەستی کردووە بە پشکنینی ئەو میتۆدە جیاوازانەی، کە دەکرێت مێژووی پێ بنووسرێتەوە و لە سێ جۆری سەرەکیدا کورتی کردوونەتەوە، (هیجل،2007، 32)، کە بریتین لە:

1. مێژووی ڕەسەن
2. مێژووی تیۆری
3. مێژووی فەلسەفی

(عبداللطیف محفوظ) پێی وایە ئەم دابەشکاری و پۆلێنکارییانەی هیگڵ پێشنیاری کردوون، بەسەر مێژوونووسانێکدا جێبەجێ دەبن، کە هاوشێوەی ڕۆماننووسە مێژووییەکانن. مێژووی ڕەسەن، واتە ئەو مێژووەی مێژوونووس دەینووسێت کاتێک لەناو (ڕەسەنایەتیی) ڕووداوەکان و سەرچاوەکەیدا دەژی (محفوظ،2000، 33 )، ئەم جۆرە هاوشێوەی ڕۆمانی واقیعی و ڕۆمانی سروشتییە، کە هەوڵی وەسفکردنی ئەو ململانێیەی نێوان هێزە کاراکانی ناو واقیعی دەرکپێکراو دەدەن، کە بۆ گۆڕینی یان جێگیرکردنی لە ململانێدان. بەڵام (مێژووی تیۆری): مەبەست لێی ئەو مێژووەیە، کە مێژوونووسێک دەینووسێت سەر بەو سەردەمە نییە، کە مێژووەکەی بۆ دەنووسرێت، تێیدا بینین یان ئامادەبوونی هاوکات میکانیزم نین بۆ تێگەیشتن لە بابەتی مێژوویی، بەڵکو ئەو بەڵگەنامە جیاوازانە جێگەیان دەگرنەوە، کە هەمیشە پارێزراو یان واقیعی نین . هەروەها ڕوونە مێژووی تیۆری تا ئەوپەڕی هاوشێوەی ڕۆمانی مێژووییە، کە ئەویش بەپێی ستراتیژییەتێکی دیاریکراو گەڕانەوەیە بۆ مێژووی ڕەسەن و هەردوو گوتارەکە پێکەوە نوێنەرایەتی دووبارەی ئەو ڕووداوانە دەکەن، کە لە بنەڕەتدا لە پشت زەمانەوە شاردراونەتەوە. سەبارەت بە جۆری کۆتایی: مێژووی فەلسەفی، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان واتە لێکۆڵینەوەی مێژوو لە ڕێگەی فیکرەوە، هاوشێوەی ئەو ڕۆمانانەیە کە کەسایەتییەکان دەگۆڕن، مێژوویی یان ڕووداوی مێژوویی وەک هاندەرێکە، تا لە ڕێگەیەوە جیهانگەلێکی لۆژیکی بنیادبنرێن، کە هەوڵدەدات لایەنی جەوهەری و قووڵی تایبەت بە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکە وێنا بکات.

جۆری دووەم (مێژووی تیۆری) تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ڕۆمانی مێژووییە، لەو شێوازە تایبەتەی کە ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ڕێگەی بنیادێکی دەقی/زەمانەوانییەوە تێیدا قاڵب بگرن.

سەبارەت بە جۆری سێیەم (مێژووی فەلسەفی)، ئەوا ڕاستەوخۆ پشت بە لێکۆڵینەوەی بیری کەسایەتییەکی مێژوویی دیاریکراو و بنیادنانی جیهانە هونەرییەکانی دەبەستێت، ئەمەش لە ڕێگەی کاریگەریی لەسەر ئێستا و داهاتوو. (محفوظ ، هەمان سەرچاوە).

هەر سەبارەت بە ئەگەری ئەوەی مێژوو دەبێتە مادده بۆ ڕۆمان (نعیجة، 2016، 8)، مێژوو سەرەڕای توندییەکەی ڕووبەرێکی هاوبەشی لەگەڵ ڕۆماندا هەیە، کە سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان ڕۆمان و مێژوو ناڕوون دەکات و دەرفەت بە ڕۆماننووس دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوودا بەبێ ترس لە هەڵەکان و بڕێکی زۆر لە ئازادی بۆ کرداری نووسین دابین دەکات، کە لە ڕێگەیەوە هاوتایی تەواو یان دووبارە کردنەوەی مێژوو نامێنێت، چونکە ڕۆمان مێژوو بە وشەیی ناگوازێتەوە، ئەگەرنا دەبێتە مێژوو، بەڵکو دیدگای ڕۆماننووسێکە بۆ ئەم مێژووە، کە بەپێی ویستی خۆی بەکاری دەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەزموونی خۆی، یان هەڵوێستێک کە لە کۆمەڵگەکەی وەرگرتووە، بە دووبارە پێشکەشکردنی مێژوو وەک ئامادەکارییەک بۆ بەکارهێنانی بە تێکەڵکردنی ڕوونکردنەوە و تەواوکاری، کە وا گریمانە دەکرێت سۆزی بۆی هەبێت وەك (دۆزی جووەکان)، بەم شێوەیە مێژوو دەبێتە جۆرێک لە جۆرەکانی گێڕانەوە یان وتارێک لە وتارە گێڕانەوەییەکان، کە دووبارە بەرهەمی دەهێنێتەوە لە ڕێگەی فراوانی خەیاڵەوە، هەوڵیش دەدات خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ ئەو سەرچاوەیە بکات، کە لە ڕێگەیەوە دووبارە شێوەی دیکەی پێدەدات. (میران ئەبراهام)یش هەر ئەوەی کردووە، کە ڕۆمان دەیخوازێت، نەك وەك ئەوەی مێژوو ئارەزووی دەکات، کە چۆن بنووسرێتەوە، چونکە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەیدا هەست ناکەین تەواو مێژووی (شاری سلێمانی) دەخوێنینەوە، بەڵکو هەست دەکەین شتێکی تەواونەکراو دەخوێنینەوە کەلەمێژوودا بەجێماوەو نەگوتراوە، وەك لەبیرکردنی (دۆزی جووەکان)ی شاری سلێمانی، کە ڕۆمانووس لە نێو ڕۆمانەکەیدا لە زاری (سالار)ەوە بەئاشکرا ئەمە دەخاتەڕوو لە کاتێکدا لەگەڵ دایکی لەو بارەیەوە دەدوێن و دەڵێت:" **ئەوە بۆ ساڵێکیش دەچێت یەکێکم نەبینیوە لەم شارەدا تەنیا کەلیمەیەك چییە لەو بارەوە بڵێت، یان نووسەرێك لە ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێکدا بچووکترین ئاماژەی پێ بدات، هەروەکو هیچ رووی نەدابێت، ئیتر ئەمانە ئەگەر لە توخمی کەروێشك نەبن دەبێت چی بن، کابرا تۆ لەشارەکەتدا لەکۆی حەوت گەرەك گەڕەکێك چۆڵ کرا، سەدان کەس لە دانیشتوانی یەکێك لە گەرەکەکانت سەڵت و ڕووت بەزۆر شار بەدەرکران، بەبێ ئەوەی کەسێك لەم شارەدا پێی دڵگران بووبێت یان بەئاشکرا ناڕەزایی خۆی دەربڕیبێت!**)(ئەبراهام، 2022، 253-254 )، ئەمە خۆی هەر ئەوەیە، کە ڕۆماننووس هەڵوێستی لەسەر وەرگرتووە بەرامبەر بە نووسینەوەی مێژوو و دەیەوێت ئێستای پێ بوروژێنێت. ڕوونتر بڵێین جارێکی دیکە (دۆزی جوولەکە) بوروژێنێتەوە ، بەڵام بەچاوێکی ئەدەبی مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەوەمان بە بیر دەهێنێتەوە، کە لەڕابردوودا خەڵکی شاری سلێمانی هاوزمان و هاوشارییەکانی خۆی لەبیرکردووە و کەمتەرخەم و بێ هەڵوێست بوون لە بەرامبەریان.

هەر کاتێک گێڕانەوەی مێژوویی مەیلی بۆ ڕاستی و گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەبوو، کە دەتوانرێت واقیعیبوونیان پشتڕاست بکرێتەوە و گونجانیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، ئەوا ڕۆمانی مێژوویی زیاتر نزیک دەبێتەوە لە خەیاڵ و داهێنانی گێڕانەوەیی (بن طيب و عبدالرحيم، 2022، 660) و ئەو ڕۆمانانەمان پێشکەش دەکەن، کە لەسەر بنەمای ماددەیەکی مێژوویی دامەزراوە، ئەمەش بەپێی یاساکانی گوتاری ڕۆماننووسی و پەیوەندییەکەی بە واقیع و کات و هەروەها پشتڕاستکردنەوەی پەیوەندی هەموو شتێکی مێژوویی بەوەی، کە واقیعییە دەخرێتەڕوو. هەروەك ئەوەی لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا دیارە، کە تەنانەت منداڵە (موسڵمان و جوو)ەکان نەیانتوانیووە تێکەڵیی یەکدی بکەن، ئەم ڕاستیی دوورە پەرێزییە لە کتێبە مێژووییەکانیشدا گێڕدراوەتەوە، ڕۆماننوسیش زۆر بە جوانی لە ڕێی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی (خایم و فواد مەعروف)ەوە بەشێوەیەکی هونەری ئەوە ساغ دەکاتەوە، کە لە زاری (خایم)ەوە دەیخاتەڕوو و دەڵێت :" **لە دوای ئەو رۆژەوە و تاکو کۆتایی ئەو ساڵە لەگەڵ**

**قوتابییەکەی تەنیشتم، کە ناوی فوئاد مەعرووف مەستی بوو یەکتریمان نەدواندن ..... بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چی روودەدات ئەگەر شانم بەرشانی ئەو کوڕە موسوڵمانە بکەوێت، وابزانم چەندین جار ئەوەم تاقی کردەوە و شانم بەشانی فوئاد مەعرووفەوە دەنووساند ... لەکاتێکدا دەمویست لە نهێنیی جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوانی موسوڵمان تێبگەم.**"( ئەبراهام، 2022، 20-21 )، ئەمە ئەوە دەردەخات کە ڕۆماننووس پێداگری دەکات لەسەر سستەمە چەقبەستووە ئاینییەکان و لەڕێگەی کارەکتەری منداڵەوە هەوڵدەدات ئەو سنورانە بشکێنێت و وابکات تەنانەت منداڵێکیش بکەوێتە بیرکردنەوە وتێرامان لە داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی و ڕووبەڕووی ببێتەوە و پێداچوونەوە بەو دوورە پەرێزییەدا بکات، کە بۆی کێشراوە، ڕۆماننووس توانیویەتی لەم هەوڵەدا ئاڵنگاری باوەڕە بێ بنەماکان بکات.

**2-2 بنیاتی دورهێل و پراکتیزەی لە ڕۆمانی مێژوویدا**

تێگەی واقیع(دورهێل) لە ڕۆماندا تەنها لە سنووری وەسفکردنی ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیە یان ئەوەی لە هۆشیاریدا کورتکراوەتەوە ناوەستێت، بەڵکو واقیع بۆ ڕۆماننووس بریتییە لەو نادیار و نەبینراو و دەرنەکەوتووانەی بۆ هەر کەسێکی دیکە گرانە دەریببڕێت، تەنانەت شێوازە دەربڕینە باو و بەکارهاتووەکانیش ناتوانن وەریبگرن و وەسفی بکەن، بۆیە پێویستی بە شێوازێکی دەربڕینی قووڵ هەیە بۆ دۆزینەوەی خودی واقیع، کە خۆی و نهێنییەکانی ئاشکرا بکات. واقیع لەو توخمە پەرش و بڵاو و پارچەپارچانە پێکدێت، کە بە شێوەیەکی ورد و ناڕوون پێکەوە گرێدراون یان دژ بەیەکن.

ڕۆمان پەیوەندییەکی نزیکی بە واقیعەوە هەیە، هەوڵدەدات وێنەی واقیع و ئەو ڕووداو و پێشهاتانە بکێشێت، کە تیایدا ڕوودەدەن، بەڵام نەک بە شێوەیەکی میکانیکیی پێچەوانە، چونکە پەیوەندی ڕۆمان بە واقیعەوە وەک عەبدولڕەحیم جیران دەڵێت "پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو بەپێی ئاستگەلێکی تێکچڕژاو پێکهاتووە، کە ئەوانیش واقیع و واقیعی و پێکهاتەی نوێنەرایەتی و چیرۆکچنینن، چونکە واقیع ماددەیەکی بنیادنراوە، نەک پێدراو و جێگیر و یەکگرتوو. گرنگترین شتێکێکیش، کە لە تێگەیشتنی واقیعی بەم شێوەیە وەسفکراودا دەتوانرێت وەربگیرێت سەبارەت بە ڕۆمان و (گێڕانەوە بە گشتی)، ئەوەیە کە بنیادێکە و بەدیهاتووە و وەرگێڕی خواستگەلێکە، کە پەیوەندییان بە ژیانەوە هەیە و باوەڕپێکراو نین و خراونەتە ژێر گومان یان هەستی کەمی و ناتەواوی" (جیران،2017) لە سۆنگەی سنووردارێتی ئیرادەی تاک لەبەردەم ئیرادەی واقیعدا، چونکە ئەمەی دواییان بە شێوەیەکی وا ڕوون دەرناکەوێت، کە بتوانرێت بناغەکانی بگرێت و تێبگەیەنرێت، مەگەر لە ڕێگەی دانانی لە چوارچێوەی مەعریفی جیاواز و پرسیاری فرەجۆردا نەبێت.

کەواتە ماددەی ڕۆمان لە واقیع و ژیانی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕەنگە هەر ئەم تایبەتمەندییەش بێت، کە دەقی ڕۆمانەکە دادەڕێژێت و لە نێو لاپەڕەکانیدا نوێنەرایەتی ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی خاوەنی میکانیزم و تەکنیکی هونەری و جوانیناسییە، کە وای لێدەکات واقیعێکی نوێ بخوڵقێنێت، کە ناکۆک و دژ نەبێت لەگەڵ ئەو واقیعەی ڕۆماننووس تێیدا دەژی. ڕۆماننووس "پشت بە واقیعێکی ئاسایی دەبەستێت، کە ئەرکی دەرخستنی واقیعێکی نوێیە، یان لە ڕێگەی چاودێریکردنی واقیعی ئاساییەوە ئاماژە بە واقیعێکی نوێیە. ئەو کاتە، ئەم واقیعە ئاساییە ئەوەیە کە خوێنەران و زۆربەی ڕەخنەگران وەریدەگرن. بە ڕای ئەوان، ئەمە واقیعێکە کە واقیعێکی نوێ دەشارێتەوە" (مویلو،1988، 22)، بەڵام ئەو واقیعە نوێیەی ڕۆماننووس هەوڵی دەرخستنی دەدات، ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و

دەرکردن و ڕێگریکردن یان سەختیی قبوڵکردن دەبێتەوە، چونکە ناکۆک و دژە لەگەڵ ئەوەی، کە باوە و جیاوازە لەو واقیعەی تێیدا دەژین

کردەی پەراوێزخستن یان دەرکردن، کە ڕووبەڕووی واقیعی نوێ دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەر یان ڕەخنەگر کە ئەم کارە ئەنجام دەدات، وەک سارۆت دەڵێت: "ئەگەر هاتوو ئەوانە (واتە خوێنەران و ڕەخنەگران) دەقێکی نوێیان خوێندەوە و ئەو پێکهاتانەیان تێدا نەدۆزییەوە، کە لای ئەوان بۆ هەر داهێنانێکی ڕۆمانی پێویستە، ئەوا بە دەقێکی نامۆ و دژە باوی دادەنێن و ناوی دەنێن ئەزموونی تاقیگەیی، کە ناتوانێت بەرهەمی هونەریی ڕاستەقینە بەرهەم بهێنێت، مادام ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بینراو و سواوە نییە، کە ناتوانن دەستبەرداری بن" (بلعلی،2011، 58)، ئەمەش وای کردووە دەقی نوێ لە ململانێدا بێت لەگەڵ ڕەخنەگران و خوێنەران، چونکە بە ئاسانی بەدەست نایەت، وەك ئەوەی (میران ئەبراهام) باسی دەکات بە کۆمەڵێك پرسیار لە چەند ئایکونێکی جیادا چ لایەنی دینی و ڕۆشنبیری و سیاسی و نیشتیمانی و مێژوویی دێنێتە بەرچاو و پۆشاکیان بەبەردادەکات و زیندوویان دەکاتەوە و دەیانهێنێتە دواندن و ئاڕاستەکردنی پەیامەکانی خۆی پێ نوێدەکاتەوە وەك ئەوەی لە" **(حەمە ئەمین زەکی پرسیی، " ئەرێ دەڵێن، ڕەشید عالی چووە بۆ ئەڵمانیا و سەردانی هێتلەری کردووە، تۆ بڵێی ئەوە ڕاست بێت؟ حاجی تۆفیق هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی، بەڵێ ڕاستە، زوڵم و زۆری ئینگلیز داخێکی ئەوەندە گرانیان کردۆتە دڵی خەڵکییەوە، ئەوەتا نەتیجەکەی لە سلێمانی و تەواوی شارەکانی تری عێراق بە ڕەوشتی ئەو خەڵکەوە دەبینرێت، هەرچی کەسێك ئەبینیت سمێڵێکی هێتلەریی داناوە و گۆرانی بەباڵای هێتلەردا دەڵێت، جا ماڵوێرانییەکە لەوەدایە هەموو چین و توێژەکانی گرتۆتەوە..)** (ئەبراهام، 2022، 191)، لێرەوە ڕۆمانووس چی بەرهەم دێنێت تێگەیشتن لێی قورسە، یان دەبێت بە ئێمە بڵێت ڕووداوەکان گڵۆباڵین و کاردانەوەکان شۆڕدەبنەوە بۆ سەرتاك یان لە ئەنجامی زوڵم و زۆرداری کە هەیەتی، پەنابردنە بۆ تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەری یان پیشاندانی ساویلکەیی و نازۆشنبیری دەخاتە پاڵ ئەو سەردەمە، کە تا ئێستاش کۆمەڵگەکەمان تێیدا خۆی دەبینێتەوە، یان لە دەرەوەی سنووری ڕەخنە و داهێنانی ناسراوە، چونکە هەر دەقێکی نوێ بە ناجێگیری و ملکەچ نەبوون جیابکرێتەوە، هەمیشە هەوڵ دەدات ئەوەی لەم جیهانەدا ڕوو دەدات بە شێوەیەکی هونەریی ورد وێنای بکات، کە خوێنەر هەندێک جار لە تێگەیشتنی ئەو توخمانەدا بێتوانا دەبێت.

دروستبوونی واقیع دەربارەی ئەدەب و مێژوو هەوڵێکە بۆ گرنگترین پەیوەندییە جیاواز و هاوبەشەکان لە نێوان نووسینی مێژوویی و نووسینی ڕۆمان بە گشتی و نووسینی ڕۆمانی مێژوویی بە تایبەتی؛ لە لایەکی دیکەوە مۆدێلێکی گشتی پێشنیار دەکات، کە ئامانجی چوارچێوەبەندکردنی هەموو ڕۆمانە مێژووییەکانە بە پشتبەستن بە شێوازەکانی ڕۆڵگێرانی ڕۆماننووسان بۆ پرسیاری ئێستا بە گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو یان کەسایەتییەکی مێژوویی بە تایبەتی وەك ئەوەی (میران ئەبراهام) کەسایەتی (زەعیم سدیق) لە لاپەرەکانی سەرچاوە مێژووییەکان دەگوازێتەوە نێو ئەدەبیات و دەڵێت:" **(لەو ساڵانەدا کە زەعیم سدیق پارێزگار و لێپرسراوی شاری سلێمانی بوو، کەوتنە جێبەجێکردنی، بەپلان چەند ساڵێك پرۆژەکە ڕاگیرا، کاربەدەستانی میری دەیانویست خەڵکی شار خۆیان بەدەستی خۆیان ئاسەواری جووەکان لەسەر نەخشەی شارەکانیان بسڕنەوە، دوای ئەوەی لە سەرتاسەری عێراقدا پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاو کردەوە، کە هەموو گۆڕێکی جوو زێڕ و زیوی تێدایە.... میری بەفێڵ ئەو تاوانەی بە خەڵکی شار ئەنجام دا و پاشان بڕیاری جێبەجێکردنی پڕۆژەکە درا. ئەو پرۆژەیەی لە ساڵی 1952 لە بەغدا دەر کرابوو، بڕیارێك کە ئاسەواری جووەکان لەسەر نەخشەی شاری سلێمانی بسڕێتەوە.)** (ئەبراهام، 2022، 339), ڕۆماننووس بۆ

بەرهەمێنانی ئایکۆنی واقیعی خۆی، ڕووداوەکە لەو سەردەمە سیاسیە جیاناکاتەوە و تاوانەکە ناخاتە ئەستۆی هاوشارییەکان، بەڵکو سەرچاوەی تۆمەتەکە دەخاتە ئەستۆی هاندەران و چەسپاندیی بڕیارەکە بەسەر هاوشارییەکاندا لەلایەن میری و سیستەمی فاشیزمی ئەو سەردەمە، کە هاوپەیمانی ڕژێمی نازی ئەو سەردەمە بوو و ڕۆڵی هەبوو لە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و ئاینیدا و بەردەوامبوون لەسەر داگیرکاری وسەرکوتکردنەوەی گەلانی ژێردەست و ئازادیخواز. لێرەدا ڕووداوەکە ئەگەرچی لەسەر بیرۆکەیەک دامەزراوە، کە مرۆڤ و ئیرادەی هەڵدەوەشێنێتەوە و کردەکە دەداتە دەست هێزە غەریبەکان، ئەم هەڵبژاردنە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵگێرانی تایبەت بە واقیعی ئێستا و ئەو سەردەمە مێژووییەی لەلایەن ڕۆماننووسەوە ئاشکرا دەکرێت. هەوڵمان داوە ئەو مۆدێلە دابنێین، کە پشتدەبەستێت بە سیمیۆتیکای پراگماتیکی (Phanéroscopie)، شارل ساندرس پیرس (C.S Pierce,1987,14)، "کە بەڵگەکان دابەش دەکات بەپێی ئینتمایی یەکێک لە سێ پۆلە دیاردەییەکان، کە ئەمانەن:

**یەکەم، بیرۆکەی شیاو (مقوله الممكن)**، ئەو بەڵگانە لەخۆ دەگرێت، کە بابەتە دینامیکییەکانیان ئایکۆنن، واتە بابەتەکانیان لە بەڵگەی دیکەدا بەرجەستە دەبن، کە پەیوەندی جۆرییان پێوەیان هەیە لەسەر بنەمای لێکچوون وەک لە خوازە و هاوشێوەکانیدا هەیە. ئەم بابەتە دینامیکییانە تەنها بە ئەگەری و مومکین وەسف دەکرێن، کە ڕۆماننووس لە یاداشتەکانی سارادا ئاماژەی پێدەکات، کاتێک سارا دەڵێت" **ئەمڕۆ دایکم گێچەڵی ئەوەی بە باوکم دەکرد و پێی دەوت" باشترە لە گەرەکی جوولەکان بگوێزینەوە و بچین لە گەڕەکێکی تێکەڵدا بژین" باوکم لە وەڵامدا " ژیانی من بەستراوەتەوە بە کنێسەتەکە و بەم ماڵ و گەڕەکەوە، ئێمە ئەگەر لەم گەڕەکە ٠٢ لاوەندابڕۆین ئەسڵی خۆمان ون دەکەین و تەنانەت ناتوانین پەیڕەوی دین و ئوسووڵی خۆشمان بکەین"**( ئەبراهام،2022، 379)، لێرەدا شێوەی واقیعی ئەو سەردەمە لەیاداشتێکدا بۆ خوێنەر دێنێتە بەر باس، کە یارمەتی ڕۆمانووس دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی چوارچێوەی بیرۆکەکە. (ئەبراهام) نوێنەراتی ئەم پەیامە دەکات بۆ ئەوەی دەری بخات، کە کێشە هەیە و کێشەکە تاڕادەیەکی گشتی بەرامبەر کەمینەیەکە، ئەمەش ڕێگرە لەگەڵ ئازادی و پێشکەوتن و پێکەوە ژیان. لێرەوە پرسیاری سەرەکی یاداشتەکە (چۆن بە خۆشی و بێ ترس بژین؟) ئەم پرسیارە وەڵامەکانی سەپاندووە، کە پەیوەندییان بە شێوازە مومکینیەکانی ئازادییەوە هەیە.

**دووەم، پۆلی بوون**، ئەو بەڵگانە لەخۆدەگرێت، کە بابەتە دینامیکییەکانیان نیشانەی بوونین و لە ڕێگەی هاوبەشی بە بەڵگەکەوە پەیوەستن. لەناو ئەم پۆلەدا جیاوازی دەکرێت لە نێوان بەڵگە ئاماژەییەکان، کە تەنها ئاماژە بە هێما ئەبستراکتەکەی دەکەن لەگەڵ نیشانەکان، کە واتای ڕاستەقینەی هاوسێیەتی بەرجەستە دەکەن و شێوە ڕەوانبێژییە کلاسیکییە ناسراوەکان لەخۆدەگرێت وەک خوازە بە جۆرەکانییەوە و درکە و هاوشێوەکانیان، وەك ئەوەی ڕۆمانوس ئاماژەی پێدەکات بەنموونە **"جارێك جەمالی عەلی باپیر لە سارای پرسیبوو، حەز دەکەیت بچیت بۆ لای کەسوکارت لە ئیسرائیل؟ سارا لە وەڵامدا وتبووی، نەخێر کاك جەمال، ئەگەر مەبەستت لە بینینەوەی کەسوکارمە، ئەوە خەریکم لە عەزرەتدا بەرەو لایان دەفڕم، بەڵام وەکو چوونم بۆ ئیسرائیل ئەوەیان باوەر ناکەم دڵم بەرایی بێنێت وڵاتەکەی خۆم جێ بهێڵم، ئیتر هەست دەکەم ئیسرائیل هەموو شتێکی پیرۆزی لەمن سەندەوە و ژیانی لەمن تاڵ کرد، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە ئەو پیرۆزییەی جارانی لە لای من نەماوە، ئێمە هاوشێوەی نەمامێکین ڕەگمان لەسەر ئەم خاکە داکوتاوە، لێرە بڕۆین بێڕەگ دەبین و باوەر ناکەم جارێکی تر لە هیچ جێگایەك سەوز بینەوە. من وەکو خۆم تەمەننام ئەوەیە ئەم نیشتمانە ببێتە دوانزرگەم"**(ئەبراهام ،2022، 375). جەوهەری ئەم لێدوانە ئەزموونێکی پاکە و ڕۆڵی لە بەرجەستەکردنی داتا وەسفکراوەکاندایە لەناو دۆخی سەرەتاییدا لە ڕووداو و واقیعی

دیاریکراودا. ئەمە وتەی پێوانەکردنی بەیاننامەی سنوور و بوون و ئەزموون و ململانێ و واقیع- ڕووداو و هەموو شتێکە، کە لە کات و شوێندا بە شێوەیەکی دیاریکراو بەرهەم دەهێنرێت. کەواتە مانای ڕەمزی مانایەکی پێکهاتەییە، بەجۆرێک ئێمە تەنیا لە ڕێگەی مانای وشەیی یان سەرەتاییەوە مانا لاوەکییەکەی هەست پێدەکەین؛ هەر بۆیە مانای لاوەکی دەبێتە تاکە ئامرازی نزیکبوونەوە لە مانای فرەلایەنە، ئەویش لەم وەڵامەدا بەڕوونی دیار دەبێت (نەمامێکین ڕەگمان لەسەر ئەم خاکە داکوتاوە، لێرە بڕۆین بێرەگ دەبین.)

**سێیەم، پۆلی پێویستی،** پۆلێکی ئەبستراکتە و بەرپرسیارە لە نێوەندگیری نێوان بەڵگەکان و لێکدانەوە ئەبستراکتەکانیان، کە لە ڕووی بوونەوە نوێ ناکرێنەوە مەگەر لە شێوەی کۆپیدا، بەم پێیە بەپێی سروشتی نوێنەرایەتیکردنەکە دەبنە ئایکۆن یان ئاماژە یان نیشانە.

تێکەڵبوون بەم پاشخانانە پابەندمان دەکات لە ناو ڕۆمانی مێژوویی و لە سێ ئایکۆنی واقیعیدا ئەوە جیابکەینەوە: بە پێی شێوازی ڕۆڵگێرانی نووسەر بۆ واقیع و شێوازی ڕۆڵگێرانی بۆ مێژوو، کە ئەوەی گونجاوە لێی هەڵێنجێت بۆ دەربڕینی پرسیارەکانی، هەروەها بەپێی گریمانەی ئەوە، کە گەڕانەوە بۆ مێژوو لە ڕووی لۆژیکییەوە، گەڕانەوەیە بۆ پێشکەشکردنی وەڵامێک بۆ پرسیارێکی وەڵام نەدراوەی ئێستا.

ئەم خاڵە لۆژیکییانە سەرەتا لەگەڵ توانای ئەو بەرهەمهێنانە ئایکۆنییەدا دەگونجێن، کە بەدی دێت، یان لە ڕێگەی ئەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی ماددەی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن لە ڕووی جۆرایەتییەوە لە هاندەری پرسیاری ئێستا دەچن، یان لە ئەنجامی ئەوەی وەڵامی ئەو قۆناغە لەو وەڵامە دەچێت، کە نووسەر ئاراستەی پرسیاری ئێستای هاوچەرخی کردەی نووسینی دەکات.

نموونەی ئەمە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆماننوس بەم شێوەیە لەسەر زاری مام سلێمان دەیخاتەڕوو " **ئێوە نەوەی نوێن و پێ دەچێت جیاواز بیر بکەنەوە .... کەواتە سۆز و موحیبەت لە نێوانماندایە. هەر وەکو وتم ئێوە نەوەی نوێن و ئەگەر موسوڵمان بیت یان مەسیحی و جوو ئیتر باوەڕت بە هەر دیانەتێکی تر هەبێت، ئەگەر بتەوێت ببیتە خاوەنی کیان و نیشتمانی خۆت پێویستە لە نێوان خوا و خورمادا یەکێکیان هەڵبژێریت، ئەگین واز لە ڕستنی ئەو خەڕەکە بێنی باشترە!"** (ئەبراهام،2022، 211-212) پرسیاری ڕۆماننووس لە چوارچێوەیەکی دیموکراسی و هۆشیاریدا ڕۆڵدەگێڕێت لە ئاشتبوونەوەیەکدا، کە لەگەڵ سیستەمە سەردەمییەکاندا خۆی بگونجێنێت و بانگەوازی ڕوونە بۆ گەڕان بە دوای ناسنامەی نیشتمانیدا لە ڕێگەی هاندان و هەڵکشانی ئەو بەربەستانەی لە بەردەم دەستپێکردنی ئازادیدا وەستاون، ڕۆمانووس سەیری ئەو شێوازانەی کردووە وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە یان تەنانەت بۆ گۆڕانکاری ...

کاتێک پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکی ڕووداوی ڕۆمانە مێژووییەکە و سەرچاوە مێژووییە ڕاستەقینەکەی نزیکن لە یەکەوە و پرسیاری ئێستا لە پەیوەندیدا لەگەڵ ماددە مێژووییەکە تەنها هەست و سۆزییە، پەیوەندی بە بەرزڕاگرتن یان کەمکردنەوە یان بانگهێشتکردنەوە هەیە وەك لەم گفتوگۆیەدا ڕۆماننووس لە ڕێی گێڕەوەی هەمووشتێزانەوە بەئاگامان دێنێتەوە و دەڵێت: " **ئیتر خۆ ئێمەی جوو بەتەمای مەلاکانیش نین لە وتارێکی هەینیاندا ئاماژە بەو زوڵمە بکەن.**

**جا سالار گیان شاعیرەکانیش هەموویان مەلا نین؟**

**نا نا، چۆن؟ هەندێکیان مێزەرەکانیان فڕێ داوە و ئێستا چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکەن!**

**کوڕی خۆم، ئەوان موسڵمانن، چیان یاوە بەسەر ئێمەوە، بگرە لەوانەیە پێشیان ناخۆش بێت، بەڵام دەسەڵاتیان نەبێت و نەوێرن!"** (ئەبراهام،2022، 254-255 ) لێرەوە ڕۆماننووس دوای گلەیی و ڕەخنەگرتن لە کاربەدەستانی ئاینی، هەر خۆی تۆمەتەکەیان لەسەر لادەبات و ڕوو دەکاتە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و نهێنی بێ دەنگی ئاشکرادەکات. بۆ تێپەڕاندنی دەقەکەش بیرۆکە و ئایدۆلۆجیای هاوچەرخی پەسەندکردووە، هەر بەپێی ئەوەش سەرچاوەی وەرگرتووە و بە

پەسەندی زانیوە بۆ پەیداکردنی هەست و سۆز و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە؛ پاشان لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانی نیشاندەری دەگونجێنێت، کە گرنگی بە بانگهێشتکردنی کەسایەتییەکی مێژوویی دەدات بۆ ئاماژەکردن بە پرسێکی ژیرانە، هەروەها بە تایبەت گرنگی بە دۆخێکی دیاریکراو نادات، بەڵکو بایەخ بە دۆخێکی مرۆیی گشتی دەدات، نموونەی ئەمەش ڕۆماننووس بەژیرانە بانگهێشتی کەسایەتییەکی مێژوویی کردووە و وەسفی دەکات، بەمەش مەبەستێك دەوروژێنێت، ئەویش لە زاری باپیرەخایم دیاردەبێت، کە دەڵێت**"ویستم خۆم بگەیەنمە لای شێخ مەحموودی حەفید و پێی بڵێم، جەنابی شێخ دەستم بە دامانت و دەستەکانت ماچ دەکەم، خەیاڵت لای میلەتەکەت بێت و واز لە غەزاکردن بێنە و لەبەر خاتری دەستەبەرکردنی بەهەشت بۆ شەخسی خۆت، ماڵی کوردان لەوە زیاتر وێران مەکە. نازانم بۆ ئەو دەمە ئەوەندە ترسنۆك بووم و بۆ لای جەنابی شێخ نەچووم."**(ئەبراهام، 2022، 283)، ڕۆماننوس لێرەدا کۆنترۆڵی جەمسەرەکانی سودی کەسایەتی دەکات و زامنیان دەکات و ڕوودەکاتە دۆخی گشتی و مرۆیی و ململانێ دەکات بۆ پاشگەزبوونەوەی دەسەڵاتداران لەکارە ناهۆشیارییە نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەرییەکان، ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، کە چۆن لە پێناو داوا چارەنووسسازەکانماندا بسازێین.

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

ئەنجامی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی تیشك دەخاتە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1-لە زۆر کاتدا ڕۆمان وەك سەرچاوەی جێگرەوە دەبینرێت، دەکرێت بیسەلمێنێت، کە ڕۆمانی مێژوویی وەك سەرچاوەیەکی جێگرەوەیە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، بەتایبەت لەو کاتانەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی مێژوو لەبەردەست نین یان شێوێنراون.

2-سەبارەت بە زیندووکردنەوەی مێژوو، دەرئەنجامەکان دەریدەخەن، کە ڕۆمانە مێژووییەکان سەرکەوتووترن لە زیندووکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا، ئەمەش بە پیشاندانی کاریگەریی ڕووداوە گەورەکان لەسەر ژیانی تاکە ئاساییەکان، ئەمەش وا دەبینرێت، کە خوێنەر پەیوەندییەکی سۆزداری بێ سنور لەگەڵ ڕابردوو ببەستێت.

3-دەکرێت ڕۆمانە مێژووییەکان خوێنەر هانبدەن گومان لە گێرانەوەی فەرمی بکات و بەدوای ڕاستییەکی قووڵتردا بگەڕێت، بەمەش ڕۆڵێکی چالاك لەپێداچوونەوەی مێژووودا دەگێرن.

4-ڕۆمانی (نیشتیمانی سارا)ی (میران ئەبراهام) توانیوویەتی دەنگی ئەو گرووپ و چینانە بگوێزێتەوە، کە لە تۆمارە مێژووییە فەرمییەکاندا پەراوێز خراون، بە تایبەت لەڕووی ئایینییەوە وەك ( کەمە پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان لە (جوو ، مەسیحی ،...هتد).

5-توێژینەوەکە دەتوانێت ئەو تەکنیکە ئەدەبیانە دیاری بکات، کە نووسەرانی ڕۆمانی مێژوویی بەکاریان هێناوە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی نێوان ڕاستییە مێژووییەکان و خەیاڵی ئەدەبی، بەبێ ئەوەی ڕاستییەکان بەتەواوی بشێوێنن.

**المصادر اللغة العربية:**

– بن طيب،مريم و عبدالرحيم،خديجة(٢٠٢٢) إنتفاخ سعيد يقطين على الرواية التاريخية ،مجلة النص، المجلد ٩، العدد ٢٠٢٢، المغرب العربي.

–بن نعيجة، نور الدين(٢٠١٦) الرواية ومقاربة التاريخ(السردية التاريخية)، مجلة مركز البحث في العلوم الإسلامية والحضارة، مجلد ١، عدد ٤ ،الاغواط، الجزائر .

– بن دحمان" عبدالرزاق(٢٠١٣) الرؤية التاريخية في الرواية الجزائرية المعاصرة " روايات الطاهر وطار انموذجاً، أطروحة دكتوراه العلوم في " النقد الأدبي الحديث، ، كلية الآداب واللغات، جامعة الحاج الخضر باتنة، الجزائر.

– بوحفص، بوجمعة(٢٠٢١) الرواية والتاريخ واشكالية التداخل، مجلة إشكاليات في اللغة والادب، مجلد-١٠-عدد-٢-الجزائر.

-جيران، عبدالرحيم (٢٠١٧) تعارض الرواية والواقع، مجلة القدس العربي،جريدة يومية سياسية مستقلة، ٢ فبراير، السنة الثامنة والعشرون، العدد، ٨٧٢٣ .لندن.

-جنيت وآخرون(٢٠٠٢) ، الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، أفريقا الشرق، المغرب.

-الحجمري، عبدالفتاح (١٩٩٧) هل لدينا رواية تاريخية؟، مجلة فصول في النقد، ، العدد ٣،-١٦ القاهرة.

-الخظراوى، إدريس(٢٠١٧) سرديات الأمة (تخيل التاريخ وثقافة الذاكرة في الرواية المغربية المعاصرة) دار افريقيا الشرق، المغرب.

-رشيد، أمينه (١٩٨٥)، روايه الارض بين القيمه و علاقة الزمان بالمكان ، مجلة الهيئة المصرية العامة للكتاب، مجلد ٥، عدد ٤، القاهره .

-السعافين، أبراهيم (١٩٩٦) تحولات السرد( دراسات في الرواية العربية)، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

-الشمالي، نضال (٢٠٠٦)، الرواية والتاريخ، بحث في مستويات الخطاب في الرواية التاريخية العربية، عالم الكتب الحديث، ط١، الأردن.

-ضرغام، عادل(٢٠٢٠) الرواية التاريخية الجديدة" خطابات الحقيقيه والتفكيك، صحيفة القدس الرسمى. https://www.alquds.co.uk

– العالم، محمود أمين(١٩٩٤)، أربعون عاماً من النقد التطبيقي (البنية والدلالة في القصة والرواية العربية المعاصرة)، دار المستقبل العربي للنشر، القاهرة، مصر.

-العالم، محمود(١٩٩٣)، الرواية بين زمينتها وزمانها مقاربة مبدئية عامة، مجلة فصول، مجلد ٠١، العدد٠١ القاهرة.

-عبيدى، سعيد(٢٠٢٤) الرواية التاريخية: إحاء للماضى واستشراق للمستقبل ، الرافد، مجلة الكترونية ثقافية شاملة، دائرة الثقافة ، حكومة الشارقة،

-القاضي، محمد(٢٠٠٨)، الرواية والتاريخ- دراسة في التخيل المرجعي، وحدة البحث الدراسات السردية كلية الاداب والفنون والإنسانيات، جامعة منوبة، دار المعرفة للنشر، تونس.

– لالاند، أندريه (٢٠٠١)، موسوعة لالاند الفلسفة، ترجمة خليل أحمد خليل، منشورات عوبيدات، بيروت/ المجلد الثاني.

-لوكاش، جورج(١٩٨٦)، الرواية التاريخية، ترجمة صالح جواد كاظم، وزارة الثقافة والاعلام بغداد، ط٢.

-محفوظ، عبداللطيف(١٤٣٣هـ)، الصوغ الحكائي في الرواية التاريخية، أبحاث ملتقى الباحة الأدبى الخامس، السعودية.

-مرتاض، عبدالملك(١٩٩٨)، في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، عالم المعرفة، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، العدد ٢٤٠، الكويت.

-مويلو وأخرون (١٩٨٨)، الرواية والواقع"، ترجمة رشيد بنحدو، منشورات عيون المقالات، الطبعة الأولى، البيضاء .

-هيجل، (٢٠٠٧) محاضرات في فلسفة التاريخ (العقل في التاريخ) ترجمة، أمام عبدالفتاح إمام، دار التنوير، بيروت.

-بدرى، ربيعة(٢٠١٨)، مصطلح الرواية التاريخية بين المفهوم والنشاة، مجلة المخبر أبحاث في اللغة والادب الجزائرى، المجلد١٥-العدد ٠١(٢٠١٩)ص ٥٥-٦٥.

-الشريم، عدنان محمد على(٢٠١٥)، الخاطب السردى فى الروايه العربية، عالم الكتب الحديث، إربد، ط١ ، الأردن.

-سليمان، نبيل(٢٠٠٣)، جماليات وشواغل روائية، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

-يقطين، سعيد(٢٠١٢)، قضايا الرواية العربية الجديدة الوجود والحدود، دارالأمان- رباط، منشورات الإختلاف- الجزائر.

-يقطين،سعيد (٢٠٢٠)، الرواية والتاريخ استهام التاريخ في كتابة الادب. مجلة الجديد، مجلة ثقافية عربية جامعة تصدر من لندن.العدد،٦٠.

**المصادر العربية المترجمة الى اللغة الإنجليزية**

-Ben Tayeb, Maryam & Abd al-Rahim, Khadija (2022). Said Yaqtin's Inflation of the Historical Novel. Al-Nass Magazine, Volume 9, Issue 2022, The Arab Maghreb.

-Bin Na'ija, Nour El Din (2016). The Novel and the Approach to History (Historical Narrative). Journal of the Center for Research in Islamic Sciences and Civilization, Volume 1, Issue 4, Laghouat, Algeria.

-Ben Dahmane, Abd al-Razzaq (2013). The Historical Vision in the Contemporary Algerian Novel: The Novels of Tahir Wattar as a Model. PhD Thesis in Modern Literary Criticism, Faculty of Arts and Languages, University of El Hadj Lakhdar, Batna, Algeria.

-Bouhafs, Boujemaa (2021). The Novel and History: The Problematic of Intertextuality. Journal of Issues in Language and Literature, Volume 10, Issue 2, Algeria.

-Jiran, Abd al-Rahim (2017). The Contradiction Between the Novel and Reality. Al-Quds Al-Arabi Newspaper, an independent daily political newspaper, February 2, Year 28, Issue 8723, London.

-Genette, G., et al. (2002). The Narrative Space. Translated by Abd al-Rahim Hazil, Africa Al-Sharq, Morocco.

-Al-Hajmari, Abd al-Fattah (1997). Do We Have a Historical Novel? Fusool Magazine in Criticism, Issue 3-16, Cairo.

-Al-Khidrawi, Idris (2017). Narratives of the Nation: Imagining History and the Culture of Memory in the Contemporary Moroccan Novel. Dar Africa Al-Sharq, Morocco.

-Rashid, Amina (1985). The Novel of the Land: Between Value and the Relationship of Time to Place. Journal of the Egyptian General Book Organization, Volume 5, Issue 4, Cairo.

-Al-Sa'afin, Ibrahim (1996). Narrative Transformations: Studies in the Arabic Novel. Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
-Al-Shamali, Nidal (2006). The Novel and History: A Study of Discourse Levels in the Arabic Historical Novel. Alam Al-Kutub Al-Hadith, 1st Edition, Jordan.
-Dargham, Adel (2020). The New Historical Novel: Discourses of Authenticity and Deconstruction. Al-Quds Official Newspaper. https://www.alquds.co.uk
-Al-Alam, Mahmoud Amin (1994). Forty Years of Applied Criticism: Structure and Significance in the Contemporary Arabic Short Story and Novel. Dar Al-Mustaqbal Al-Arabi for Publishing, Cairo, Egypt.
-Al-Alam, Mahmoud (1993). The Novel Between Its Spatial and Temporal Context: A Preliminary General Approach. Fusool Magazine, Volume 01, Issue 01, Cairo.
-Obaidi, Said (2024). The Historical Novel: A Revival of the Past and a Foresight into the Future. Al-Rafed, a comprehensive cultural electronic magazine, Department of Culture, Sharjah Government.
-Al-Qadi, Muhammad (2008). The Novel and History: A Study in Referential Imagination. Narrative Studies Research Unit, Faculty of Arts, Fine Arts and Humanities, University of Manouba, Dar Al-Ma'rifa for Publishing, Tunisia.
-Lalande, André (2001). Lalande's Philosophical Encyclopedia. Translated by Khalil Ahmad Khalil, Obeidat Publications, Beirut / Volume Two.
-Lukács, Georg (1986). The Historical Novel. Translated by Saleh Jawad Kazem, Ministry of Culture and Information, Baghdad, 2nd Edition.
-Mahfouz, Abd al-Latif (1433 AH). The Narrative Formulation in the Historical Novel. Research from the Fifth Al-Baha Literary Forum, Saudi Arabia.
-Murtad, Abd al-Malik (1998). In the Theory of the Novel: A Study in Narrative Techniques. Alam Al-Ma'rifah, a monthly cultural book series issued by the National Council for Culture, Arts and Letters, Issue 240, Kuwait.
-Mouillot, et al. (1988). The Novel and Reality. Translated by Rashid Benhadou, Oyoun Al-Maqalat Publications, 1st Edition, Casablanca.
-Hegel, G.W.F. (2007). Lectures on the Philosophy of History (Reason in History). Translated by Imam Abd al-Fattah Imam, Dar Al-Tanweer, Beirut.
-Badri, Rabi'a (2018). The Term 'Historical Novel' Between Concept and Origin. Journal of the Laboratory: Research in Algerian Language and Literature, Volume 15, Issue 01 (2019), pp. 55-65.
-Al-Shereem, Adnan Muhammad Ali (2015). The Narrative Voice in the Arabic Novel. Alam Al-Kutub Al-Hadith, Irbid, 1st Edition, Jordan.
-Sulaiman, Nabil (2003). Aesthetics and Novelistic Concerns. Ittihad Al-Kuttab Al-Arab, Damascus.
-Yaqtin, Said (2012). Issues of the New Arabic Novel: Existence and Boundaries. Dar Al-Aman, Rabat / Publications of Al-Ikhtilaf, Algeria.
-Yaqtin, Said (2020). The Novel and History: The Obsession with History in Writing Literature. Al-Jadid Magazine, a comprehensive Arab cultural magazine published from London, Issue 60

**المصادر اللغة الفرنسية:**

-Molineau, Jean: Qu'est-ce que le roman historique? Revue d'Histoire Littéraire de la France, Mars - Juin, 1975, p. 204.
-RICOEUR ,Paul, «Métaphore et référence», dans La Métaphore vive, Paris 1975.
-Certeau, Michel de, L'écriture de l'histoire, Paris, Gallimard, 1975, p.8.

- -C.S Pierce, Textes Fondamentaux De Sémiotique, traduction et notes B.Fouchier-Axelsen et C.Foz, ed, M.K, Paris, 1987.

**سەرچاوەکانی زمانی کوردی:**

-ئەبراهام، میران (2022)، نیشتمانی سارا، ڕۆمان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر، چ3 .
-مەنتك،حەمە(2021)، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی،لێکۆڵینەوە، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی.